وادەی پێشکێشکردن وێک کارمەندی دەنگدان تا ٥ی ئاب درێژ کرایەوە

کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەمڕۆ پێنجشەممە، بڕیاریدا ماوەی پێشکێشکردن بە کارمەندی دەنگدان تا ٥ی ئاب درێژ بکاتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکدا کە لە کەمسیۆنەوە دەرچووە : "ئەنجومەن گفتوگۆی لەسەر یاداشتی نووسینگەی سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردن بە ژمارە (رأ/١٥٩٠) لە ٣١/٧/٢٠٢٥ کردووە، بە ناونیشانی (درێژکردنەوەی ماوەی پێشکێشکردن وێک کارمەندی دەنگدان)

هەروەها هاتووە: "دوای گفتوگۆ لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی کەمسیاران، ئەنجومەن بڕیاریدا:

یەکەم: درێژکردنەوەی ماوەی پێشکێشکردن بە کارکردن وێک کارمەندی دەنگدان تا ٥/٨/٢٠٢٥، بەپێی ئەوەی لە کێنووسی لیژنەی ناوەندی بە هەڵبژاردنی کارمەندانی دەنگدان بە ژمارە (ل م ق/٢٧) لە ٣١/٧/٢٠٢٥ هاتووە، کە هاوپێچی یاداشتی نووسینگەی سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردنە بە ژمارە (رأ/١٥٩٠) لە ٣١/٧/٢٠٢٥.

دووەم: ڕاسپاردنی ئیدارەی هەڵبژاردن بە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست.

سەیەم: بەیارەکە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی کەمسیۆندا بەاودەکرێتەوە."

لە درێژی بەیاننامەکەدا هاتووە کە "بەیارەکە ئەمە پێنجشەممە بە کەی دەنگ دەرچووە.